هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی نوسینگەی ئەنجومەن
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادوەران

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
المديرية العامة لمكتب المجلس
مديرية شؤون القضاة

Judicial Council

ژمارە : ١ / ٣٤٧
ڕێکەوت : ٢٣ / ڕێبەندان / ٢٧١٢ کوردی
Date: ٢٠١٣ / ٢ / ١٢

## بۆ / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

## ب / ڕاگەیاندن

بەهاوپێچ دانەیەك لە ڕاگەیاندنی ژمارە ( ١/ ٣٤٦ ) لە ٢٠١٣/٢/١٢ تان بۆ دەنێرین کە تایبەتە بە هەڵبژاردنی کاندیدێك بۆ دامەزراندن بە پۆستی ( سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان/ عێراق ) بۆ ئاگاداریتان و بڵاوکردنەوەی بەسەر گشت وەزارەتەکانی و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .... لەگەڵ ڕێزدا .

**أحمد عبدالله زبير**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

### وێنەیەك بۆ /

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان / لەگەڵ وێنەیەك لە ڕاگەیاندنی ئاماژەپێ کراو بۆ ئاگاداریتان .... لەگەڵ ڕێزدا .
- پەرلەمانی کوردستان / ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (٥١٧/٣/٤) لە ٢٠١٣/١/٦ لەگەڵ وێنەیەك لە ڕاگەیاندنی ئاماژەپێ کراو بۆ ئاگاداریتان .... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر .
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی .
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك .
- سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/ گەرمیان .

  } لەگەڵ وێنەیەك لە ڕاگەیاندنەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بەسەر گشت دادگاکانی سەربە سەرۆکایەتیەکەتان .... لەگەڵ ڕێزدا .
- ووتەبێژی ئەنجومەنی دادوەری / بۆ زانین .... لەگەڵ ڕێزدا .
- سەندیکای پارێزەرانی کوردستان / لەگەڵ وێنەیەك لە ڕاگەیاندنەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بەسەر گشت پارێزەرانی بەڕێز لە هەرێمی کوردستاندا .... لەگەڵ ڕێزدا .
- بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕاگەیاندن / بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندنەکە لە سایتی ئەنجومەنی دادوەری .... لەگەڵ ڕێزدا .
- کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستان / کوردسات / سپێدە / ئازادی / زاگروس / گەلی کوردستان / پەیام / NRT / KNN .
  } لەگەڵ وێنەیەك لە ڕاگەیاندنەکە بۆ بڵاوکردنەوەی لە کەناڵە بەڕێزەکەتان بۆ ١٠ جار و بەسەرەوە .... لەگەڵ ڕێزدا
- دۆسیەی کەتایبەت .
- دۆسیەی نووسراوە دەرچووەکان .
- دۆسیەی خولاو .

هەرێمی کوردستان / عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی نوسینگەی ئە نجومەن
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادوەران

إقليم كوردستان / العراق
مجلس القضاء
المديرية العامة لمكتب المجلس
مديرية شؤون القضاة

Judicial Council

ژمارە : ١ / ٣٤٦
ڕێکەوت : ٢٣ / ڕێبەندان / ٢٧١٢ کوردی

Date: ٢٠١٣ / ٢ / ١٢

## - ڕاگەیاندن -

دوا بە دوای بڕیارمان ژمارە (٢٥) لە ٢٠١٢/٣/٢٧ .

لەبەر ئەوەی دادوەری بەڕێز ( **مسعود خضر محمود** ) یەکێك بوو لە دەست نیشان کراوەکان بۆ دامەزراندنی بە ( سەرۆکی دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان ) داوای لێبوردنی کردووە و داواکاریەکەی ڕاکێشاوەتەوە ، بۆیە وە پشت بە حوکمی هەردوو **مادده/ ٦ و ٧** لە یاسای دەستەی گشتی دەستپاکی هەرێمی کوردستان / عێراق ژمارە (٣) بۆ ساڵی ٢٠١١ ، وە بۆ مەبەستی هەڵبژاردنی داواکارێکی تر بۆ کاندید کردنی بۆ پۆستی ئاماژەپێ کراو لە جیاتی ناوبراو ، ئەنجومەنی دادوەری دامەزراندنی ئەو پۆستە ڕادەگەیەنێت و هەر هاووڵاتیەك بۆی هەیە داواکاری دامەزراندن پێش کەش بە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بکات لە ماوەی ٢٠١٣/٢/١٧ تاکو ٢٠١٣/٢/٢٨ و ژیاننامەو بەڵگەنامەکانی تایبەت بە دامەزراندن هاوپێچی داواکاریەکەی بکات لەگەڵ بوونی ئەو مەرجانەی خوارەوە لە ناوبراودا .

أحمد عبدالله زبير
سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری

## مەرجەکان /

١- بە بەندکردن حوکم نەدرابێت لەسەر تاوانی ناکۆك بەشەرەف .

٢- خاوەن شیاوی و دەسپاکی و بێلایەنی بێت .

٣- بەشدار نەبوبێت لەو تاوانانەی ڕژێمی بەعس پلانی دارشتبن یان جێ بە جێ ی کردبن یان کردوونی .

٤- بڕوانامەی زانکۆی لە یاسادا بەدەست هێنابێت و خاوەن شارەزایی بێت لە بواری کارەکەیدا بۆ ماوەیەك کە لە پازدە ساڵ کەمتر نەبێت سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی بکالۆریۆسیان هەیە و دووساڵ لەو ماوەیەش کەم دەکرێتەوە سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی ماجستیریان لە یاسادا بەدەست هێناوە و پێنج ساڵیش سەبارەت بەوانەی بڕوانامەی دکتۆرایان لە یاسادا بەدەست هێناوە و ماوەی کورتی خوێندن بۆ بەدەست هێنانی هەریەك لە دوو بڕوانامەکە بە ماوەی کارکردن بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە دادەنرێت .

TARA

هەرێمی کوردستان - هەولێر - شەقامی ٦٠ مەتری
((www.krjc.iq))
E-MIAL \ info@krjc.iq